سەید حەکیم: بەردەوامی پەیوەندی نێوان رۆڵەکانی یەك نیشتمان یەکپارچەیی عێراق پتەوتر دەکات

لەمیوانخانەی هۆزی دۆسکی، میوانخانەی شێخ لەزگین ئاغا دۆسکی بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت چاوی بە ک□م□□□□ك شێخ و پیاوە دیارەکانی هۆزەکە کەوت و لەم دیدارە ستایشی قوربانییەکانی عێراقییەکتانی کرد لە ڕووبەڕووبوونەوەی دیکتاتۆریەت و تیرۆر و داواشی کرد ی□ک□□□زی و یەکگری نێوخۆیی هەبێت بۆ نەهێشتنی ناکۆکییەکان و گەڕانەوە بۆ دەستوور و بەردەوامی پەیوەندی لەگەڵ ڕۆڵەکانی گەل.

سەید حەکیم باسی پەیوەندی خانەوادەی ئیمامی حەکیمی (نهێنی پارێزراو بێت) بەگەلی کوردستان کرد و خۆشەویستی خۆی بۆ گەلی کوردستان دەربڕی و ڕوونیکردەوە کە عێراق توانای هەیە ئەو ڕکابەریان تێپەڕ بکات هەر وەك چۆن پێشتر چەندین ڕکابەری دیکەی تیپەڕ کردوە، هەروەها هیوای ئەمن و ئاسایش و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی دهــۆك و هەولێر خواست و هیوای دەربڕی کە لە باشترین دۆخ دابن.